نێچیرڤان بارزانی لەبەغدا لەگەڵ باڵیۆزی ئەمەریکا کەدبەتەو

ئەمڕۆ شەممە" نێچیرڤان بارزانـ"سەرۆکی هەرێمی کوردستان ،لە بەغدا لەگەڵ" ئالینا ڕۆماناوسکد"باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق لەوشی سیاسی و ئەمنیی عێراقی تاوتوێکرد، هەروەک لەبارەی پرسی چارەسەرکردنی کێشەکان و پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ گفتوگۆیان لەبارەو کرا.

لەبەیاننامەیەکی سەرکایەتی هەرێمدا هاتووە :- لە کۆبوونەوەیەکدا لەوشی سیاسی و ئەمنیی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و گفتوگۆی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، بیروڕایان گۆڕییەوە هەروەها باسیان لە دواین پێشهاتەکانی دێخی ناوچەکە بەگشتی و ئەگەر و لێکەوتەکانی کرد.

هەروەک هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر گرنگي پاراستنی ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە و ڕێگری لە فراوانبوونی ئاڵۆزییەکان.

هەر بەپێی بەیاننامەکە :- لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هەردوولا تاوتوێ کران.